www.kurdistannet.org

# ئاسۆی دادگایی کردنی تاوانبار نەزار خەزرەجی

**2–1**

## لە وەڵامی وەزیری دەرەوەی دانمارک ( Per Stig Mller ) بۆ سەرۆکی لیستی یەکگرتوو لە پەرلەمانی دانمارک(Sran Snergrd) : سەرۆکی سوپا ڕزگاری نابێت لە دادگایی کردن

کۆمیتەی بە گڕخستنی هەوڵەکان بۆ دادگایی کردنی تاوانبار نەزار خەزرەجی– دانمارک

ڕۆژ لە دوای ڕۆژ تەوقی دادگایی کردنی تاوانبار نەزار خەزرەجی تەنگتر دەبێتەوە ، هەروەک لە ڕوی یاسای و پرۆسەی لێکۆڵینەوە کاروانەکە ڕووەو پێشەوە دەچێت و لێکۆڵینەوە بەردەوامە سەبارەت بەو کۆمەڵ کوژییانەی ناوبراو ئەنجامی داوە بەرانبەر بە گەلی کورد لە پرۆسەی ئەنفال و کیمیاباران و کاول کردنی کوردستان .

بۆ سەلماندنی تاوانەکان بە سەر ناوبراودا دەیان بەڵگەنامە و چەندین شاهید و کاسێتی ڤیدیۆ و بڕێکی باش لە زانیاری کۆکراوەتەوە و خراونەتە ناو مەیدانی لێکۆڵینەوە ، لە لایەکی تریشەوە بۆ هەڵسەنگاندنی بەڵگەنامە و زانیاری و ئیفادەی شاهیدەکان کە لە دژی ناوبراو تۆمارکراوە و کۆمان کردۆتەوە تا ئێستا ، چەند جارێک بە مەبەستی هەڵسەنگاندن و ڕاوێژکردن لە گەڵ چەندین دادوەر و یاساناس و پارێزەری بە ناوبانگی دانمارکی کۆبوینەتەوە ، لە ئەنجامدا هەر هەمویان گەشبینی خۆیان نیشان داوە و دڵنیایان کردوین لەوەی لە سەر ڕۆشنایی ئەو بەڵگەنامانەی هەن لە بەر دەستی لێکۆڵەرەوەکان (نەزار خەزار) بە تاوانباری جەنگ دەردەچێت و سزای قورس دەدرێت ، وە نمونەی ئەوەیان بۆمان هێنایەوە ، کە لە ساڵی **1994** ئەفسەرێکی یۆگسلاڤ بە ناوی (**Refic Saric**) بە **8** ساڵ زیندانی حوکم درا ، بە تاوانی ئەوەی لە یەکێک لەو کامپانەی خەڵکی تیادا بەند بووە و ئازار دراون ، ناوبراو ئەفسەر بووە ،بە بێ ئەوەی تاوانی کۆمەڵ کوژی و کۆشتنی تەنانەت تاکیشی خرابێتە پاڵ .

هەروەها لە ڕوی سیاسیش کۆمیتەی بە گڕخستنی هەوڵەکان بۆ دادگایی تاونبار نەزار خەزرەجی ڕۆژی **22\3\2002** بانگهێشت کرابوو بۆ کۆبونەوە لە گەڵ لێپرسراوی بەشی پەیوەندیەکانی لیستی یەکگرتوو لە ناو بارەگای پەرلەمانی دانمارک ، لە دانیشتنێکدا کە نزیکەی سێ سەعاتی خایاند ،بە ووردی زایناری و ئیفادەی شاهید و بەڵگەنامەکان خرانە ڕوو ، لە وەڵامدا دەست خۆشیان لێمان کرد سەبارەت بە هەمو ئەو کار و هەوڵانەی داومانە تا ئێستا و هیوایان خواست لە ئایندەی نزیک لە گەڵیان کۆببینەوە و پەیوەندی بەردەوامان هەبێت لە

www.kurdistannet.org

گەڵـیان ،لـە وەڵامـی پرسـیارێکماندا لێـیان سـەبارەت بـە هەڵسـەنگاندنیان بـۆ ئـەو کـار و بەڵـگەنامانەی لـە دژی نـەزار خـەزرەجی تاوانـبار بـەرزمان کـردۆتەوە ، لێپرسراوی لیستی یەکگـرتوو وتـی ..بـێ گومان ئەم بەڵگەنامانە بەسن بۆ سەلماندنی تاوانی جەنگ بە سەر نەزار خەزرەجی و سزای توند و قورسیش دەدرێت بە سەریا بە پشت بەستن بەو بەڵگەنامانە .

ڕۆژی **2002\4\3** ڕۆژنامەی (**Politiken**) کە گەورەترین ڕۆژنامەی دانمارکە ، هەواڵێکی بە مانشێت بڵاو کردۆتەوە لە زاری وەزیری دەرەوەی دانمارک (**Per Stig Mller**) :
سەرۆکی سوپا ڕزگاری نابێت لە دادگایی کردن ، لە درێژەی ڕاپۆرتەکەدا هاتووە ، وەزیری دەرەوە (**Per Stig Mller**) کە سەر بە پارتی کۆنسەرڤەتیوە ، جەخت لە سەر ئەوە دەکات ،سەرەک سوپای پێشوی عێراق کە تاوانبار کراوە وەکو تاوانباری جەنگ ، ناتوانێ دەرباز ببێت لە دادگایی کردن لە دانمارک ، تەنانەت گەر ئەمریکاش پلانی ئەوەی هەبێت کە ئەو وەکو سەرکردەیەک بە کاربهێنێت بۆ هێرشێکی سوپایی لە دژی سەدام حوسێن دا ، هەروەها ڕایگەیاندووە کە ئەوە سیاسەتی نەگۆڕی دانمارکە ، کە هەر کەسێک تاوانی جەنگی ئەنجام دابێت یان تاوانی زلی نێونەتەوەیی ، دەبێ دادگایی بکرێت لە دادگایی دەوڵەتدا ، یان دادگایەکی نێونەتەوەیی ، بە بێ ڕەچاو کردنی ئەوەی کە لە کوێی جیهان تاوانەکانی ئەنجام دابێت .

ئەمـە نوسراوی (**Per Stig Mller**) وەزیری دەروەی دانمارکە ، کە وەڵامی ئەو پرسیارەی (**Sran Snergrd** ) سـۆران سـۆنەگۆردی داوەتـەوە کـە پێشـتر ئاراستەی کردبوو و داوای لـێ کـردبوو بـە نوسـراوی ڕەسمی وەڵامی بداتەوە ، ئایا ئەوان لە ژێر هەندێ هەل و مەرجی تایبەتدا قایل دەبن بەوەی ،کەسانێک تاوانبار کرابن بە تاوانی جەنگ و لە ئاستی لێپرسراوێتی بەرزدا بوبن ، دەربازبکرێن لەوەی کە بدرێنە داداگا ؟ .